

# تاسەکانی عیشق

# تاسەکانی عیشق

ناوی کتێب: تاسەکانی عیشق
نووسەر: سروە عوسمان ـ ناسراو بە (سروەی بەیان)
بابەت : شیعر
تایپ : نووسەر
پێداچونەوەو هەڵەچن: نوسەرو شاعیرـ ڕەشید سیوەیلی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئومێد محەمەد
تـــــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

بەسوپاسەوە، لەسەر ئەرکی سروود ی برام، چاپکراوە
مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی تەنها بۆ نووسەر پارێزراوە ..

شیعر



# تاسەکانی عیشق

## سروەی بەیان

2019

«پشکۆ نەجمەدینی» خەباتگێڕو شاعیری بە ئەزموون لە بارەی شیعرەکانی «سروەی بەیان»و تاسەکانی عیشق دەڵێ:

سروە عوسمان، دەنگێکی ژنانە لە قووڵایی ژیانەوە، لە ناخی خەم و ژانەوە لە نێوەندی ئازارەکانی کۆمەڵ و نامۆبوون لەگەڵ دەوروبەر... دەنگێکی پڕ سیحرەکانی عیشق و جوانیی شیعر و تێڕامان لە خودی خۆی و ئەویدیکە و پڕ پڕ لە پرسیار و گومان... شیعری ڕەسەن کە وەڵامێک بۆ کێشەکان نابینێتەوە و تەنیا گومان لە زمانی دەپژێت، لای سروەی شاعیر، عیشق چەمکێکی قووڵی فەلسەفی و ڕووحی هەیە، عاشقی ڕاستەقینە، هەموو جوانییەکانی سروشت، مرۆڤ و گەردوون لە ڕووح و خەسڵەتە فیزیکییەکانی مەعشووقدا دەبینێ!

کە عاشقیت، گوێ لە خورپەی دڵت بگرە، ئاخر ئەوە تەنیا دڵە کە ڕێنمای هەست و نەستی تۆی عاشقە!

ئێستا شیعر لەلای سروە ڕەوتێکە، بە گوێی ناخ و ئیحساسماندا دەچپێنێ و پێمان دەڵێ :

شیعر نە وەڵامێکی بۆ پرسەکان پێیە و نە چارەسەر، بەڵام کە خەیاڵ دەوروژێنێ و فەنتازیا دەخولقێنێ و باڵی پێ دەگەڕێ، ئیدی تۆ لە دنیای شیعری پڕ خەیاڵدا و لە چوارچێوەی ئەو وێنانەی کە بە وشە عیشقی پێ نەخشێنراون، واقیعی دزێو و پۆخڵ ون دەکەیت و لە جوانییەکانی عیشق و دنیایەکی بە خەیاڵ خولقێنراودا، لە شەقەی باڵ دەدەی!

گوڵی شیعر، لەکن سروە، وا خەریکە هێلانەیەک بۆ بەرامەی هەستێکی جوان، لە ناخی خوێنەردا، چێ دەکات.

شیعر، تەنیا کاتێک شیعرە، کە خوێنەر یاخود گوێگر، هەست بە بیستنی میلۆدیایەک دەکات، کە شەپۆلی وێنە و وشەکان، دەیرژێننە ناخی تینووی!

هیوادارم خوێنەران ، ئەو چێژە سیحراوییە لە نموونەی شیعرەکانی سروە، چێژ بکەن!

**پشکۆ نەجمەدین**

# تاسەی عیشق

١

خۆشەویستم
گەر بۆم بکرێ
قەڵایەکت لە وشەی جوان
بۆ هەڵدەچنم،
بە پلیکانەی خۆشەویستی بۆی سەرکەوی
تا هەنووکە،
هیچ شازادەیەک لە دونیا
بۆ چرکەیەک، خەیاڵی وای نەکردبێ،

کێڵگەی ڕوحم دەکەم بە باخ
گوڵی وشەی تیا دەڕوێنم
هەر وشەیەک لە ڕەنگێبێ
دەربڕینیان، بۆنی گوڵ و ڕەیحانەبێ
تووله نەمامی ئەوین پەل بهاوێ
هێشووی ماچ سەرو قژی بۆ دابێنێ
دەتکەم بە شازادەی شیعرم
لەباخی ژین
بە عیشقەوە نەمامێکت بۆ دەچێنم
بەڕوحم ئاودێری دەکەم
تا ببێتە سایەو سێبەر بۆ ژوانمان،
نەك هەر هێندەش
من دەمەوێ
ببێت بەکاروانسەرای گشت عاشقان.

# تاسەی عیشق

## ٢

خۆشەویستم
دەمەوێ ڕۆژێک میوانت بم
ماڵەکەت پڕکەم لە یادگاری
ژووری میوانەکەت پڕ سەرنج بێ
لێوی فنجانی قاوەکەت
بیرەوەری یەکەم ماچی سەر لێوان بێ
دەسکی دەرگا، تێکئاڵانی پەنجەکان بێ

سەر لێواری پەنجەرەکان
ڕەوە پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگی ماچ بێ،
ماچی لێو و ماچی کوڵمە و ماچی گەردن
بەو ناوەدا پەرش و بڵاو بێ ،
دەنگی کاتژمێری ژوورەکەت
ترپە و لێدانی خێرای دڵ بێ،
ئاوێنەکەت پڕ لەنیگای تاسەدار و
تێڕوانین بێ،
سەر تەختەکە بەڕاموسان داپۆشراوبێ ،
لە بری پەردە، سەر پەنجەرە
تەمی هەناسەی تێکەڵاوی هەردوکمان بێ،
ڕوحیشم وەکو پەروانە
بە دیار سەرتەوە لەگەڕان بێ .

# تاسەی عیشق

## ٣

خۆشەویستم
لە سەر سەحنەی شانۆدا
لە پەنجەکانی میوزیکژەنم دەڕوانی،
لەگەڵ ریتمی ئاوازەکەی
سەمای چاو و جەستە باو بوو
لەچاوانی تۆ دەگەڕام بەشێنەیی،

گشت دەوروبەر
تراویلکەی چاوەکان بوو،
ڕاستییەکی ونبوو هەبوو
هیچ ڕاستییەک لەنێو دڵدا
خۆی لەقەرەی ئەو نەدەدا ..
ئەویش دووری تۆی ئازیز بوو ..!

# تاسەی عیشق

٤

خۆشەویستم
لە خۆم پرسی
ئەم ڕێژنە بارانی عیشقە
لەکام هەورەوە باریوە؟
مێرگی وشک هەڵاتووی ڕوحم
وەها بە گوڵجارِ خەمڵیوە

بارانی عیشقی تۆ بوو
پێدەشتی سینەی بەگوڵ نەخشاندم
هەڵاڵە و نێرگز و بەیبوون بوو
بە ماچت مەست و حەیران بووم،
کە گوڵاوی عیشق پەرتبوو
بەهاری بۆ دڵ هانی
لە شیرینی ماچی لێوان
دڵم لێوانلێوی تین بوو
ڕوحیش تژی لە هەنگوین بوو.

# تاسەی عیشق

## ٥

خۆشەویستم
تۆ پێیت وتم
کە سەرت لەسەر باڵم بێ
بەقووڵی خەوت لێبکەوێ،
قەت بە ئاگات ناهێنمەوە
هێند ئارام بە

چی قەزا و بەڵای دونیاتە
لە من کەوێ،
خەوی یاوەرانی ئەشکەوت
لەچاو خەوی تۆ
سەرخەوێ بێ.

# تاسەی عیشق

٦

خۆشەویستم
پێمخۆشە، شەونخونیم بەتۆوە بێ
خەو ببینم، هەر ئەو خەوە
تاسەی دووری و دابڕانم لە بیر بەرێ،
بەچرپەو ڕامووسین بەئاگام بێنێ،
خەیاڵ بەخەیاڵ بلێ،
پەچەی شەرم لادە لە ڕووت،
چاو مەست و لێو ئاڵ لەم ساتە
دوو جەستەی یەک ڕوح و یەک گیان
بەرەو کەشکەلان هەڵفڕین
لە چاو ونبوون.

# تاسەی عیشق

## ٧

خۆشەویستم
هەر ساتێ لەدوای تۆ وێڵم
لە قووڵایی دڵەکەی خۆم ڕادەمێنم
کاتێ بێ هۆ بیرت دەکەم
دەس بۆ چەپی سینەم دەبەم
ساتە وەختی هەستکردنم بە تینوێتی
لەبەژنی هەڵکردووی لێوەکانت
وەک نەمام و بستێ زەوی
تنۆکی شەونمی سارد
بۆ هۆشداری هەڵدەمژم
لە نیگای چاوەکانتدا،
ماندویەتیم دەسرەوێنم
لە دەریای عیشقی تۆدا پەل دەهاوێم
بۆ دڵە بێ نەوایەکەم،
بۆ عیشقە ساوایەکەم
لانەیەک لە پەڕەی گوڵ چێدەکەم
تا لە نێو کێڵگەی ئارامیتا
تۆ و گوڵ بە دەست دێنم.

# تاسەی عیشق

## ٨

خۆشەویستم
شەپۆلی سۆزم
لەکەناری دەریای
خۆشەویستی تۆوە ئارام دەگرێ
لە پێشوازیدا
فەرشی سووری عیشقی ئەبەدی
بۆ ڕادەخەم،

له مەیدانی خۆشەویستی
کەتێیدا ئەسپی حەز لەڕمبازیدا حیلەی دێ،
من سوار چاکی خۆشەویستیم
بوونی تۆیە هێزو تینم پێدەبەخشێ
وەکو شەونم دەتکێمە سەر گەلای ژینت
من رۆژگارم لە شەختەبەندی ڕزگار کرد،
نەوەستام تا گەرمێنی هاڵاوی هەناسەی تۆ
ئێستا خۆم ناناسمەوە
لەفۆرمێکی تازەدا ژیان دەکەم
مێژوو سەرقاڵی
دووبارە نوسینەوەی خۆم دەکەم .

# تاسەی عیشق

٩

خۆشەویستم
گەر تۆ لە ژیندا چەتر و سایەی
کەپری خۆشەویستی نەبی،
گەر تۆ شنەی شەماڵی ئارامی و
فێنکی دەمەو ئێواران نەبی،
بەدرێژایی تەمەنی سەوزی باخ
پەرژین و پارێزەر نەبی،

گەر تۆ پەناگەو پەسێوی
ساتی دەردەراری نەبی،
دەپێم بڵێ، چۆن و بەچی
نازی عیشق هەڵدەگری .!

# تاسەی عیشق

١٠

خۆشەویستم
ئەو بەهەشتەی
لە داستانە نەبڕاوەکان ناوی دەبەن و
سالآنێکە من بۆی وێڵم
حەشارگەی ئامێزی تۆیە
تەنها تۆ بووی بە پەنجەی ئاگرینت
لە سەر گەردنی سپیم
وێنەی هوما" ی عیشقت نەخشاند
بە زمانی پڕ لە تاسەت
لە سەراپای جەستەت نووسیم
خۆشم دەوێی ئاگرەژنم.

# تاسەی عیشق

١١

خۆشەویستم
ئەمشەو وەرە،
سەمای ڕوحت بۆ نمایش کەم
لە فەرهەنگی هیچ عارفێک نەنوسرابێ
لەخەوی هیچ زاهیدێک نەبینرابێ
لە نۆتەی هیچ میوزیکژەنێک نەبیسرابێ
ئاوازی عیشقێکی ئەبەدی بێ
تۆ ئەمشەو وەرە.

# تاسەی عیشق

## ١٢

خۆشەویستم
کە سەفەر دەکەی
گشت چرکەکان تاڵان مەکە
هەندێکیان بە شیرینی جێبهێڵە
تا یادەکانت بەشەکراوبن
کۆی نامە و یادگارییەکان
لە پێڵوی چاوەکانتا بشارەوە

کاتێ پرتە پرتیان پێ دەکەی
هێماکان لە دایک دەبن
دەزانم هەرگیز ون نابی!
بە قەول و پرسی عاشقان
بە چارۆکەی عیشقەوە
بە  سروە» بایەک دێیتەوە
شەپۆلەکان بەرەو ژەنینی دڵ
دەتهێننەوە.

# تاسەی عیشق

## ١٣

خۆشەویستم
هەر کاتێ قولاپی خەیاڵ
هەڵدەدەمە ناو گۆمی مەنگی بێدەنگی
وردە ماچێک ڕاو دەکەم
کە تۆ هەموو شەوێک
وەک شەونم گەڵای ژینم تەڕ دەکەی
ڕەگی ئومێدم بەناخی ژیاندا ڕۆدەچێ
کۆڵکەی هیوا باڵا دەکا،

لق و پۆپی خەیاڵم چرۆ دەکا،
بەری حەزو خۆزگەم دەبێتە ڕاستی
هیچ گێژەڵوکەیەک نایهەژێنێ
کە ئومێدی تریسکەی دیدارت
لە ناخمدا چەخماخە دەدا
شەوە زەنگم دەبێ بەچراخان
من لێرەدا خۆم چاندووە
بۆ چرۆکردنی مرۆڤایەتی
بۆ گەڵاکردنی خۆشەویستی.

# تاسەی عیشق

١٤

خۆشەویستم
کەی بێ بەرەبەیانێک
لەژێر چارۆکەی عیشقدا، لێک بئاڵێین
کەشتی ئەوین، شەپۆلی زەریا شەق بکا
لە توورەیی و تەنیاییدا
لەو کەنارە ، ماڵێک تەنیا بۆ من و تۆ
لە گوڵ وەنەوشە چێ بکا

یان وەک ماسییەکی ئۆقیان بڕ
شتگەلێکی جوان و نەوازەمان
لە قووڵایی دەریاکان بۆ گل بدا
گوڵ ئەستێرەیەک
لە ڕەونەق و شەوقی تۆدا
حەشار بدا
هەنگوینی ڕاموسین
لە ڕوح و جەستەمان بتکێ
گشت تاڵییەکانی ژیانمان شیرین بکا.!

# تاسەی عیشق

١٥

خۆشەویستم
تۆ دراوسێم نیت
تا بەکۆلارەیەکی باڵدار
بەئاسمانی سەر ماڵتاندا گوزەر بکەم
باس لەئازادی فڕین بکەم
یان لەڕێی هاتوچۆمەوە نیگات بکەم

دییەم بە دیدارت شادکەم،
یان بەیانیان
ببم بە دڵۆپە ئاونگ و
بەسەر سنگی گەڵای درەختی باخەکەتان
لەچاوەڕوانیت ئوقرە بگرم،
تۆ دوریت و نزیکم نیت
لەگەڵ سرتەو ورتەی هێمن و ماتت
لەگەڵ هەنسک و نرکەو ئازارو ناڵەت
هاودەمت بم ،
تا دووبارە پێکەوە
گیان وەبەر هەستە کپکراوەکان بکەینەوە
تۆ دووریت و دووری بووە،
بەژانە خورپەی حەزێکی سەرهەڵگرتوو
بۆیە هەمیشە عەوداڵم ..

# تاسەی عیشق

## ١٦

خۆشەویستم
کەی بێ سپێدەیەک
لە ژێر دەواری عیشقدا
لە ئامێزی حەزی ماسی و ئاودا بتوێینەوە
ئەوێ ماڵپاتی ژیانمان بێ
شەکراوی ماچ

ژان لە جەستە و خەم لە چاواندا ڕاوبنێ
ئاشتەوایی بۆ ڕوحی سەرگەردان بێنێ
شیلەی ماچ و هاڵاوی هەناسەی عیشق
لەنێوان هەڵپەی شەپۆل و
سکپڕبوونی دەریادا
لەدێراوی ڕوح و جەستە
نیرگزە جاڕێک بڕوێنێ.

# تاسەی عیشق

## ١٧

خۆشەویستم
کەهەست و ناخ بێ مەیل بوو،
دووری بەمیل دەپێورێ
دەنا دووری هەزاران میل
بە وشەیەک کورت دەهێنێ ،
ئەو بەیانیانە خۆشن،
بەدەنگ و رەنگی تۆ چاوهەڵدێنن
وردە ماچ و نەرمە نیگا

هەست و ناخی خەواڵوو ببزوێنن
خۆر بۆ زەوی لەکڕنۆش بێ،
ناخ بە گڕ بێ یان ئاور بێ
پێخەفت لە حەسیر بێ،
باڵی عیشق نەرمترین سەرینت بێ
نووکی پەنجەکانت
بۆ لاوانەوەی عیشقی ئەبەدی بێ
ژینی ئەمرۆ و دوا ڕۆژ، پڕ خۆشی بێ
عیشقێک تا کۆتایی تەمەن
پردی متمانەی بەهێز بێ
تا کاروانی ژیان بەسەریدا تێبپەڕێ،
هەرگیز ناچەمێ.

# تاسەی عیشق

**١٨**

**خۆشەویستم**
**لە هەر شوێنێ**
**توخمی خۆشەویستی**
**بەگوناه سەیر نەکرا**
**بێ دوو دڵی پێیان بڵێ،**
**کەسێک هەیە**
**لە خۆی زیاتر منی خۆشدەوێ.**

# تاسەی عیشق

١٩

خۆشەویستم
بەڵێنی پیاسەیەکت پێدەدەم،
لە بەرباران
تا بە ماچێکی تەڕ،
تاسەی ئەوینمان بشکێنین
دەریا ئارام و ئاو خـامۆش بکەین
زووتر مژدەی هەڵاتن،
بە گوێی ئاوابووندا بدەین
لە ڕوحی دڵۆپی ئاونگ،
ئاوی ژیان هەڵێنجین
ببینە پەنا و نوای بێنەوایی لانەوازان
تا لە ژوانێکی بەر باراندا
بژیەینەوە بۆ ژیان.

# تاسەی عیشق

**٢٠**

**خۆشەویستم**
**هەرچی ڕێگاکانە**
**دەمگەڕێننەوە باوەشی تۆ**
**هەرچی ڕووبارەکانە**
**دەڕژێنە نێو دەریای ئەوینی تۆ**
**هەرچی نیگاکانە**
**دەمبەنەوە بۆ مەستی چاوەکانی تۆ**
**هەرچی دێڕی شیعرەکانمە**
**چۆک دادەدەن**
**لە پێناو پیرۆزی عیشقی تۆ.**

# تاسەی عیشق

## ٣١

خۆشەویستم
ئەمڕۆ هـاتووم
پەیامێکی خۆشەویستی ڕاگەیەنین
من تووله نەمامێک بم
لـە گوڵزاری دڵتا بڕوێم
تۆش شـۆڕەبییەک،
سـێبەر بی بۆ ئاواتەکانم
من تاڵەکانی قژم
بکەم بە تار بۆ عیشـق چڕین
تۆش پەنجەکانت بـژەنن
سـیمـفۆنـیای ئەوین.

# تاسەی عیشق

**٢٢**

**خۆشەویستم**
**لە شەوانی عیشقدا**
**بە دەم شەوێکی ئەرخەوانیەوە**
**لە تافی لاوێتیدا، مەلی خەیاڵ**
**بەرەو تارمایی ڕەشتاڵەیەک**
**ڕاپێچی دارستانێکی چڕی کردم**
**بێشەرمانە دەستی حەزی بۆ ڕاکێشام**

لەسەر ڕیتمی سیمفۆنیای ”سۆناتای مانگەشەو“
بە ئاوازێک ، تێم ئاڵا
بەدەم ورشەی گەڵا ئەسپیندارەکان تا سپێدە
بە زمانی تەڕو وشکی دارستان
ئاوازی عیشقی بۆ ژەنیم.

# تاسەی عیشق

## ٢٣

خۆشەویستم
بە نیازبووم
نهێنی جوانی عیشق و
هێمنی نیگاکانت
بۆ درەختە سەوزەکەی
نێو باخەکەم بدرکێنم،
کە من عیشقم لەچاوان و
نیگای پڕجوانیت دۆزیەوە

خۆشەویستی و هەست و سۆزت
پڕ بژوێن و ڕەنگاڵە بوو
ئەستێرەبوون چاوەکانت
وەکوو مانگ بوو، ڕوو و ڕوخسارت،
ئەو کاتەی
دڵەی ماندوو و سارد و سڕت هەڵکێڵام و
تۆوی عیشقت پێ وەرکرد
بیابانت لێ کردمە کوێستان
بە گەواڵە و لێزمە باران
خوڕ خوڕ، وەک پەڵەی پاییز
داباریتە سەرکێڵگەی ڕوح
لە دڵمدا عیشقێکی جاویدانیت
فەراهام کرد.

# تاسەی عیشق

**٢٤**

خۆشەویستم
ئەو رۆژانەی تامەزرۆی
توانەوەی شەهوەتی حەزبووم
بێتۆییم زۆر پێوە دیاربوو.
سزای جەستە، وەفا و ڕێزبوو
بڕوا بکە، حەزو ویستی بەندە وابوو
عیشقێکی پاک و بێگەردبوو
وا نەزانی تەنها هەوەسبازیی بووبێ
دڵ ، لە شوێن خاوەن دڵێک وێڵبوو
دڵێک سپی، لە بێگەردیی دڵی تۆ بوو.

# تاسەی عیشق

**٢٥**

**خۆشەویستم**
**شەوێک ساماڵ ، پەیامدار بوو**
**لەژێر جیلوەی ئەستێرەیەکی عاشقا**
**شنەی با نەرمەڕۆ**
**بەرەو جێژوانی قەیرە دارێک**
**پەلکێشی تینوویەتی هاژە و**
**غەرقی ئەوینی لێزانانەی جەستەی کردم**
**باڵۆرەی حەزەکانی ،**
**وەک تەشی ڕێسێک**
**بە بەژن و باڵای مندا دەڕستەوە.**

# تاسەی عیشق

## ٢٦

خۆشەویستم
هەرتۆی شەوانە گڕ و تینم پێدەبەخشی
تا سپێدە ئامادەبێ بۆ پێشوازی
ئەوە ژیانە، لەعیشقی نیگاکانتدا
قەتیس بووە وزە بەخشە بۆ تەنیایی
لاوانەوەی ڕوحە، کە خاڵخاڵۆکەیەک
باڵەفڕێی بەرزیەتی بێ کۆتایی
ئەوە هەنگە، بێ وچان لەسۆراخی
گوڵی ئاڵ و قەشەنگە بۆ جێژوانی

ئەوە مانگە،
تریفە لە تیشکی رۆژ هەڵدێنجێ
بۆ ڕووناکی شەوی تاری
ئەوە مەلە، باڵەکانی لە هەور دەسوێ
بەئومێدی پڕوشەی ئەوینی ڕۆژگاری
ئەوە منم، لە ژیانا بۆ تۆ دەژیم
هاو ڕوحەکەم
پایز بەبەهار دەبینم، بێ جیاوازی.

# تاسەی عیشق

## ٢٧

خۆشەویستم
کاسەی عیشق پڕاوپڕە ،
خەم لەچاوان سەر دەردەکا
ئەم دوورییە سەرابێکە ،
دڵ لە سینەش بەدەر دەکا
بێرە ناخم ، دڵ بەداخم ،
مەگەر تۆ نایبیستی ئاخم
گۆزەی عیشق لێوانلێوە ،

بۆ ماچێکت زۆر پەشێوە
لە کانی عیشق دەخۆمەوە ،
بێ هەزار ماچ نارۆمەوە
ئاو و هەوا و عیشقی تۆیە
کە زیندووی کردومەتەوە
لێیگەڕێ با جووتە لێوم
لە سەر لێوان بشنێتەوە.

# تاسەی عیشق

**٢٨**

**خۆشەویستم**
**عیشقێ کە دەرمانی دەردە ،**
**خەیاڵی ژینم جوان دەکا**
**تا بە نەمری بمێنێ،**
**خێوی مەرگ ڕاودەنێ**
**عیشق کافرە، گڕگرتووە،**
**تۆش بەو دەردەمت بردووە**

تۆ بەمەیل و شێتی عیشوەت ،
منیش بەتینی عیشقەوە
دێم و گڕی ناخی جوانت خامۆش دەکەم
دێم و هەموو حەزەکانت باوەش دەکەم
تا بەوپەڕی سنووری ئارامی ڕوحت دەگەم.

# تاسەی عیشق

## ٢٩

خۆشەویستم
هەموو شەوێک
تاسەکانی عیشقی خۆمت بۆ دەنووسم
شێتانە باس لە ئەوین و
تینوێتی عیشقت بۆ دەکەم
کە هەر چرکەیەک
لەو عیشقە ساڵانێک بوون لە تەمەنم
باس لە ماچی پڕ چێژ و

تەڕی ئاونگی لێوەکانت دەکەم
باس لە گەرمی هەست و تاسە و
حەزەکانی دڵ دەکەم
باس لە جوانی
تاڵە ڕەش و سپیەکانی پرچت دەکەم
باس لە جووڵە ناسکەکانت ..
دەسگرتنت .. نیگاکانت
هەموو خەون و خەیاڵە
ڕەنگا و ڕەنگەکانی ڕوحت
بزەی لێوت، ئامێزی گەرمت،
مێرخوزاری جەستەت
کرێوەی دڵەی تەزیوم
بە یادی وشەکانت دەتوێنمەوە
وەک خونچەیەکی پشکوتوو
چاوانم عیشق ببارێنێ
لە هەر دێڕێکی شیعرمدا
ڕەنگ و بۆی تۆم وەبیر بێنێ.

# تاسەی عیشق

**٣٠**

**خۆشەویستم**
**شەوێکی تەوژماوی**
**خەیاڵ خستمیە باوەشێک**
**وەک پاڵەوانی ئەفسانەکان**
**بۆ شاژنە نازدارەکەی**
**لێوانلێو لە عیشق بازی**
**جوامێرانە، دەستی حەزی**
**کردە پشتێنەی کەمەری تەنگم**

بە ڕامووسان پڕ چێژی ماچی کردم
بەو ماچانە، تا کازیوە
مەستی عیشقی خودایی کردم
پەخشانی ڕەونەقی ڕۆژی نوێی
وەک شەنگە بی
بەڕیشاڵ و تاڵەکانی پرچم نەخشاند.

# تاسەی عیشق

## ٣١

خۆشەویستم
وەرە نێو ماڵەکەی دڵم
لە کونجێکی ئەم ڕوحەمدا
تاوێ سەرخەوێک بشکێنە
دەبا نیگام لەچاوانتا دابگیرسێ
لە خەوی ئەبەدی عیشق
لە سوچێکی دڵ رابکشێ

گەر بڕوانیە چاوەکانم
عیشقی دونیای لەخۆگرتووە
ڕوناکی ڕۆژی بەعیشق شەرمەزارکردووە
گەر دەزانی بەژوور سەرتەوە بێدارم
بۆنی هەناسە و وێنای ئارامیت دەکەم
سەیری سیمای پڕ نور و میهرەبانیت دەکەم
زەردەخەنەکانی خەوبینینت
بزە دەخەنە سەر لێوانم
ترپەکانی دڵت هەژمار دەکەم
پێت دەڵێم، بنوو ئەزیزەکەی دڵ و چاوم
کە تۆ نووستووی من پاسەوانم
ئێستا ڕوحم لێوانلیوە لە عیشقی تۆ
کەچی جەستە، دەستی سواڵی ڕاگرتووە.

# تاسەی عیشق

## ٣٢

خۆشەویستم
دەرگاکەتم بۆ واڵا کە
نەک لە پڕدا
لە شەوێکی بێهودەیی و
تەنیاییدا
باڵ بگرم،
لەپەنجەرەی دڵت بدەم
ئازیزەکەم ئەوە منم

کەنارییە بێلانەکە
پەروانە ئەرخەوانییەکە
وێڵم بەشوێن تۆفانی عیشقێکدا
تەڕ .. تەڕ
ڕەهێڵە بارانی پێوە
دەرگاکەتم لێ بکەرەوە
نەبادا تەنیایی و سەرماو سۆڵە
ببنە دڕکی مەم و زین
دامبڕن لە خەیاڵ و
خەونی ئەرخەوانی
خەونی گەیشتنم بە تۆ.

# تاسەی عیشق

## ٣٣

خۆشەویستم
لە شەوانی عیشقدا
لەسەر هەوری مەلی خەیاڵ
شەوێکی سووری ڤالانتاین
بە هێمنی لاوێکی قەشەنگم دوواند
ئەوینم کردە بەرگی و
کردمانە شەوی ماچ و راموسان
لەژێر پەتووی عیشقێکی بەگوڵ نەخشێنراو
لە شەوێکی ئارامدا
ڕوح و جەستە ئاوێزان بوون

# تاسەی عیشق

## ٣٤

خۆشەویستم
لە شەوانی عیشقدا
شەوێکی تریفەیی
سۆزی خەیاڵێکی باڵدار گەیاندمیە
بەهەشتە بەرینەکەو
ژوانی باوکە ئادەم
بە پارچە سێوێکی حەرام
گلۆربۆوە و کەوتە نێو ئامێزمەوە
بە میهرەبانی ئەوینم پێ بەخشیی
تا بوو بەچێژ و عیشقی ئەزەلیی.

# تاسەی عیشق

## ٣٥

خۆشەویستم
پردی خۆشەویستی
بە یەکی گەیاندین
وەک نزیکترین بونەوەر لە ڕوح و هەست
بەو هیوایەی لەمپەرەکان وردوخاشکەین
تابووەکان بشکێنین
خۆزگە بەو شوێنە بخوازین
هیچ ڕێسایەکی نەبێ بۆ ژیان
عیشق لە دونیای فانی نەمرە
زۆر لە خەون و خەیاڵ مەزنترە
عیشق قۆناغی فەنابوونە، لەم بوونە.

# تاسەی عیشق

## ٣٦

**خۆشەویستم**
**لەگەڵ تۆ، وەک دەریایەکی نوستووم**
**مەنگ و ئارام، خولیا و سەرسام**
**بە زومی چاو،**
**وێنەی گوڵێکی سوورم چرکاند**
**لەگلێنەی چاوەکانم حەشارمدا**
**ناڵێم دووری بیر بردمەوە،**
**بەڵام سەبووری ڕوحی دام**
**دەزانم ئێستا لە دووریم**
**مەی دەنۆشیت**
**تا دەتوانی من بنۆشە**
**بەنۆشینی جامێ بادە.**

# تاسەی عیشق

## ٣٧

خۆشەویستم
هێزی عیشق نابڕێتەوە
بۆنی گوڵی سینە دەکا
پەنجە لە چیمەنی جەستە دەگێڕێ
لێو لە سەر سینە دەبزوێ، گڕ دەگرێ
زمان بە ڕاموسانی زمان شیرین دەبێ
حەزەکان لەجەستەدا دەڕوێن
ئای چەند شێتە ئەو عیشقە.!

# تاسەی عیشق

## ٣٨

خۆشەویستم
هەرگیز نامەوێ وەکو فەرهاد
کێوی بێستون هەڵتەکێنی
یا بە ڕواڵەت جار جارە
گوڵێکی سوورم بۆ بێنی
یا بە دەردی نالی
بۆ حەبیبە* کەی
بە شیعرەوە بمدوێنی
نامەوێ بە سەر پێیی
هەستی خۆتم بۆ دەربڕی
لە خەمدا باسی ئومێد و
لە گریان بە قاقام بێنی
ئەو کەسەبە من دەمەوێیت
هاوەڵم بە ، گوێگرم بە
با ئازاد بین لە عیشقدا
دوو بونەوەری جیاواز بین
لە خۆشەویستی و لە ژیندا.

# تاسەی عیشق

٣٩

خۆشەویستم
وەک قەرەجێکی گەڕۆک
بێ هەوار و بێ سنوورم
لە دەشت و دەر بێ دەرەتان
بە شوێن تۆفانی عێشقێکدا وێڵم
وەک کۆچەری بارگەم تێکناو
دەوارم گواستەوە بۆ هەواری دڵی تۆ
ئومێد دەکەم، باوەشی سۆز و ئارامیت
بۆ ئاوارەییم بکەیت بە مەکۆ.

# تاسەی عیشق

٤٠

خۆشەویستم
گەر یادت بێ ، پێت دەوتم
ئەوینی تۆ نەشئە بەخشە
هۆکاری ژین و بوونمە
گەر یادت بێ ئازیزەکەم،
دەتوت بۆت دەبم بە چرا و
شەوگارت بۆ ڕووناک دەکەم
من چاوەڕێ و تۆش نەهاتی
تا بە تاوی بێبەزەیی وبێ وەفاییت
وشک هەڵاتم!
وەک ئەو پەروانە دەتبینم
بە سەر شیلەی گوڵێکی ڕەنگ ئاڵەوە
باوەشی بۆی کردۆتەوە
تێر نابێ و داناساکێ
ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکا
بۆ نۆشینی
شیلەی خونچە گوڵێکی تر.

# تاسەی عیشق

## ٤١

خۆشەویستم
ڕوحێکم دی بە ئاسماندا گوزەری کرد
بە سەر کێڵگەی دڵی مندا
تۆوی موحیبەتی وەرکرد
فێنک و نەرم
وەک سروە“ با ی عیشق وابوو
ڕیشەی ڕوحم تێی ئاڵاو

ژینی تاڵی لام شیرین کرد
شەوی تاری بۆم ڕوشن کرد
هەموو دنیا بە شەوقی عیشق
چریسکەی کرد
کە تاریکیی شەوی شەق کرد.

# تاسەی عیشق

## ٤٢

خۆشەویستم
کە مەلی خەیاڵ زۆر بەرزەفڕ بوو
کە حەز و ویستیش لە ترۆپکی بوو
باوەشی مەستی زۆر پڕاو پڕ بوو
دوو جەستەی بێهۆش ئاوێتەی یەکبوو

شەرم هەڵدێت و شەرم دایدەگرێ
لە تینی حەز و عەشق و ئەوینێ
گەرمی هەناسە و تامی تەڕی لێو
سیحری قژی خاو، دوو دەستی بزێو
ساتێ لێوەکان بۆ یەک ملکەچ بوون
ڕاموسان و ماچ دەستەو ئەژنۆ بوون
حەزی پیرۆزیش ڕۆژی حەشری بوو.

# تاسەی عیشق

٤٣

خۆشەویستم
ڕێم پێبدە
چرکەساتێک بە ئارامی
سەر بەسینەی عیشقت بکەم
شەونمی هەناسەت هەڵمژم،
ڕێم پێبدە
لە ڕوانینی چاوەکانت
وردبمەوە

نوقمی دونیای ئەوینت بم،
ڕێم پێبدە
لە مێرگی فراوانی دڵت
سەوزببمەوە
بە گزنگی خۆر ئاشنابم،
ڕێم پێبدە
وەک پاساری بۆ تا هەتایە
لانەی عیشقت ئاوەدانکەم
ژیان لەتەک تۆدا بکەم.

# تاسەی عیشق

٤٤

خۆشەویستم
سەرینەکەم لەبری ماچ
بە فرمێسک تەڕ تەڕ دەکەم
لەباوەشی تەنیایی و بێتۆیی دەگرم
لە جەنجاڵی و ژاوەژاودا
بۆ دەشت و دەر هانا دەبەم
ئێستا خۆمم ، لەخۆم توڕەم
کە ناتوانم ئاشتەوایی
لەگەڵ دڵەی ماندووم مۆرکەم

**هۆ دڵە برینداره‌کەم**
**هاوڕێیە پڕ ئازاره‌کەم**
**شەوه‌کانم لەشەو ناچن**
**بێ باوەش و بەبێ ماچن**
**با خەوێک بۆ جەستەو دڵ بێ**
**حەسانەوەی تاهەتایی و کۆتایی بێ.**

# تاسەی عیشق

٤٥

خۆشەویستم
دەمەوێ ئەو پشتییە بم
هەمیشە باوەشی پێدادەکەیت
کە بێتاقەتیش بوویت، بەبێدەنگی
هەنسک و فرمێسکەکانتی پێ ببەخشی
کە پڕبوویت لەقسە بە چپە بیدوێنی
کە خەویشت هات سەری پێبکەی

ئەویش بە هێمنی و ئەسپایی
لە ئامێزی سۆزت بگرێ
تا زۆر بەئارامی خەوت لێدەکەوێ
بەمەرجێک خۆشترین خەوت
هەر ئەو بێت.